# پەتای ڕاسیزم !

کەیهان عەزیز

پێدەچێ شەپۆلی ڕاسیزم وسەرهەڵدانەوەو هاتنە سەرکاری پارتە ڕاستڕەوەکانی ئەورووپا کارێکی ڕێکەوت نەبێت. ئەم پرۆسەیە لەگەڵ هەر قەیرانێکی ئابووریدا کەسەرمایەداری

پێیدا ڕۆیشتبێ سەریهەڵداوە. قەیرانی ئابووری کۆتایی بیستەکانی سەدەی ڕابردوو، هێتلەرو پارتەکەی کردە ڕێبەر ودەسەڵاتدار لە ئاڵماندا و دەستبەجێش ئۆباڵی ئەم قەیرانەیان لەئەستۆی جوولەکەکان نا. ئەمە وێڕای کە جەنگ سیمایەکی تری چارەسەرکردنی قەیرانی ئابووری سەرمایەداری یە. گەر بڕوانینە جیهانی ئیمڕۆ لەڕووکەشدا ئارام دێتە بەرچاو، وەلێ

لەدەروونا شێواووسەراسیمەیە. کێشمەکێش، گرفت، پیلانکاری بۆ داڕشتنەوەیەکی نوێی جیهان بەپێی خواست و وویستی تاکە زلهێز بەخێرایی لەئارادایە. چۆن ڕووخانی شورەوی وقەیرانی چەپ لەدنیادا، زەمینەو بۆشاییەکی وای خوڵقاند کە پانئیسلامیزم و ناوەڕۆکی تیرور، تەقاندنەوەو وێرانکاری دووبارە بێنەوەسەر شانۆی سیاسی. هەروایش ئەم ڕووخان وقەیرانە لەگەڵ گرفتی ئابووری وبێکاری لەئەورووپا دا هەمان زەمینەو بۆشایی بۆ گەڕانەوەی ڕاسیزم وسەرهەڵدانەوەو هاتنەسەرکاری پارتە ڕاستڕەوەکانی لە ئەورووپادا فەراهەمکرد.

چاککردنی باری ئابووری، چارەسەرکردنی بێکاری لەڕێگای دژایەتیکردن و ڕووبەڕووبوونەوەی پەنابەران وکۆچبەران یەکێکن لەوفاکتەرو بەڵێنانەی کەختوکەی دەنگدەرانی پێدەدەن. هەر بۆیە هاتنە سەر کاری برلسکۆنی لەئیتالیا، دەنگدان بۆ هایدەر، لوپن، پنفورتاین، کارێکی ڕێکەوت نی یە. ئاخر هیتلەریش هەرچی کاسەوکۆزەو گرفتەکانی بازاڕ و

ئابووری سەرمایەداری بوو، لەسەری جوولەکەکاندا شکاندەوە. ئێستا کێشەی جوولەکە نەما، پەنابەران وکۆچبەران بوونەتە بیانوو قوربانی ڕاسیزم. لەڕاستای ئەمەدا ڕۆژی ٦ ی مەی شانۆی سیاسی هۆلند بۆ یەکەمین جارلە٥٠ ساڵی گوزەشتەی مێژووی سیاسیدا بە تیروری پیم فورتاین ڕێبەری بزووتنەوەی ڕاستڕەو ئەنتی کۆچبەر بەتووندی کەوتە لەرزین

ودوو حەوتەبەر لە هەڵبژارن دەنگدەرانی خستە ژێرتەلیسمەوە. ڕۆڵی میدیای هۆڵندیش کە پیمیان وەك مەسیحێکی لەخاچ دراو، نمایش کرد بەرجەستەوکاریگەربوو! ئەم تیرورەلەخۆیدا چەکوشێکی توندبووکە لە پەیکەرو جەستەی چەپ ودیموکراسی درا ! هەرکەس وگروپێکی (ڕاست یان چەپ) پێی هەڵسا بێ، بەقازانجی بەهێزکردن وسەرکەوتنی وبیروبۆچوونی ڕاستڕەوانەدا بووە.. تیروری (پیم) وهەر تیرورێکی سیاسی لەسیستمێکی دیموکراتیدا کارێکی نابەجێ یەوتەنها ڕێگا بۆ گەڕانەوەی بەربەریەت خۆش دەگات. لەفەزایەکی وا کەشانۆی سیاسی–کۆمەڵایەتی دووچاری قەیرانکردووە، تووندڕەوی بەهەموو مودێلەکانەوەدەردێك سارێژ ناکات. بگرەکارکردنی لۆژیکانەودوور لەتووندڕەوی دەتوانێ تەرازووی هێزبەقازانجی چەپ وهومانیزم بگۆڕێ. شێوازی چالاکی کەسانێکی ئازادەو هومانیستی وەك

(Habets، Caro sicking، Sarahdejong Henk vanduin، Sandra viss، Adrian) ..

کەلەسەرزەمینی ئەم پەتایەدان و بە ئامێزی ئەوین و کۆمەکەوە سارێژی زامەکانی مرۆڤە ماندوو وقووربانیەکان دەکەن. چاکترین ڕێگایەبۆ گۆڕینی تای تەرازوو بەقازانجی هومانیزم. ئاخر لێرە کات تەلآیە، بۆ بینینی کەسێك وخواردنەوەی قاوەیەکیش، دەبێ پێشوەخت کاتی بۆ دیاری بکرێت. وەلێ ئەو ناوانەلەمێژە ڕاسیزمیان تووڕداوەتە زبڵدانەوە. هەر بۆیە بە گیانێکی پەپوولە ئاسا، بەبڕواو لۆژیکی چارەنووسی هاوبەشی مرۆڤایەتی وە، هەمیشە ئومێدێك و ئیستگایەکی درەخشان بوون بۆ مرۆڤە شەکەت وقوربانیەکانی ژێر چنگی دیکتاتورەکان. ئاخر ئومێد وئایندەی ژیان و مرۆڤایەتی لەگرەوی چالاکی وسەرکەوتنی کەسانی وەك ئەواندایە، تا دێوەزمەی بەربەریەتی ڕاسیزم وهولۆکوستێکی تر، یەخەی ئەورووپا وقوربانیەکان نەگرێتەوە. ئومێد وئایندەی زیندگی لەسایەی کەرکەدەندێکی وەك لوپن وهایدەرێکی نیونازیستدانایەتە دی بگرە کەشتی زیندەگی لەسایەی ئەنتەرناسیونال هومینیتی وبزووتنەوەی چەپدا لەنگەر دەگرێت.